# لەیادی شۆڕشی ئەیلوولدا: کاروانی ئاوەدانکردنەوەو خەبات لەپێناو چاکتر کردنی گوزەرانی هاووڵاتیان بەردەوام دەبێت


خەبات
KHABAT
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Wed,Sep,8. 2010 No: (3571)
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Nazhad Aziz Surme
http://www.xebat.net E-mail:info@xebat.net


لە لاپەڕەی (1)ـەوە



## عەبدولمەهدی: هەوڵدەدەم بۆ حکوومەتێک بنچینەی هاوبەشی نیشتمانی ڕاستەقینەی تێدابێت

**خەبات ـ نینا:** عادل عەبدولمەهدی ککاندیدی ئیئتیلافی نیشتمانی ئێراق گوتی: لەگەڵ ئیئتیلافەکەی هەوڵدەدات حکوومەتێکی سەرکەوتوو بونیادبنێت کە بنچینەی هاوبەشی ڕاستەقینەی تێدابێت و بتوانێت ئەمن و خزمەتگوزاری دابین بکات. عەبدولمەهدی گوتیشی: هەوڵدەدەین بۆ حکوومەتێک کە ژێرخانی وێرانکراو دروستبکاتەوە بەتایبەتیش لە کەرتەکانی کارەبا و ئاو و سووتەمەنی گەیاندن و زێراب و دابینکردنی کارو شوێنی نیشتەجێبوون و

بۆ ل13

## ئەگەر هاوپەیمانی نیشتمانی نەگەیشتە ئەنجام ئەلئێراقییە مافی پێکهێنانی حکوومەتی هەیە

**ئاژانسەکان:** هادی ئەلعامری سەرکردە لە لیستی ئیئتیلافی نیشتمانی ڕایگەیاند، ئەگەر هاوپەیمانی نیشتمانی نەیتوانی کەسێک بۆ پۆستی سەرۆکایەتی حکوومەت بپاڵێوێت، ئەوکاتە لیستی ئەلئێراقییە مافی ئەوەی دەبێت حکوومەت پێکبێنێت. ئەلعامری گوتی: ئەوان هەموو ڕێگاکانی مانەوەی هاوپەیمانی نیشتمانیان تاوتوێ کردووە بێ ئەوەی درزی تێبکەوێت و کەسیش لێی بکشێتەوە. هەروەها

بۆ ل13

## بێژەرێکی کەناڵی ئێراقییە لە بەغدا تیرۆر دەکرێت

**ئەسوات ئەلئێراق:** سەرچاوەیەک لە کەناڵی ئێراقییەی نیمچەڕەسمی ڕایگەیاند: بێژەرێکی کەناڵەکە بەناوی ڕیاز سەرای لە هێرشێکی چەکداریدا لە ڕۆژئاوای بەغدا کوژراوە. سەرچاوە ڕایگەیاند: لەکاتێکدا بێژەر و پێشکەشکاری کەناڵی ئێراقییە ڕیاز سەرای لە ناوچەی حارسییەی ڕۆژئاوای بەغدا بەرەو شوێنی کارەکەی دەچوو، کەوتە بەر دەستڕێژی گوللە و کوژرا. سەرچاوەکە ئاماژەیدا، ڕیاز

بۆ ل13

## لە نهۆمی 16 کەوتە خوارەوە و سەلامەتیشە

میدیاکانی نیوزیلندە ڕایانگەیاند، کیژۆڵەیەکی تەمەن 15 ساڵی لە نهۆمی شانزەهەمینی باڵەخانەیەکدا بەربۆوە سەر زەوییەکی خۆڵاوی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەلامەت دەرچوو. شایەت عەیانەکان دەگێڕنەوە کە بینیوویانە چۆن ئەو کیژۆڵەیە لە ئاسماندا کەوتۆتە خوارەوە، بۆیە هەرگیز چاوەڕوانی مانەوەی ئەو کیژۆڵەیەیان نەکردووە بە زیندوویەتی.

## بانگەواز

یەکێتیی نووسەرانی کورد/مەڵبەندی گشتی داوا لە هونەرمەندانی شێوەکاری کورد دەکات بۆ بەشداریکردن لە پێشبڕکێی دروستکردن و دیزاینی ئارمی یەکێتیی نووسەرانی کورد، کە ڕەنگدانەوەی ئامانجەکانی یەکێتییەکەمانی تێدا بەرجەستە کرابێت.. لەگەڵ ڕێزدا

**تێبینی:**

1- دوا ماوە بۆ وەرگرتنی نموونەکان ڕۆژی 2010/10/15یە.

2- خاوەنی نموونەی هەڵبژێردراو خەڵات دەکرێ.

3- بۆ زیاتر ڕوونبوونەوە دەتوانرێ پێوەندی بە یەکێتیی نووسەرانی کورد/مەڵبەندی گشتی بکرێ.

**کاکەمەم بۆتانی**
**سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی کورد**

## شەمۆ لە جەژندا میوانی دۆستانیەتی

**هەولێر ـ مەسعودی مەلا هەمزە:** هونەرمەندی کۆمیدی بواری شانۆ و دراما ئەیام ئەکرەم لە نوێترین کاری خۆیدا بە بینینی ڕۆڵی سەرەکی لە فیلمی سینەمایی«وارە و چێڵەکەی»لە ڕۆژانی جەژنی ڕەمەزانی پیرۆز دەبێتە میوانی دۆستانی، فیلمی سینەمایی سوارە و چێڵەکەی لە سیناریۆ و دەرهێنانی عەدنان شەریفە و بەرهەمی کۆمپانیای جیهانە، بڕیارە لە ڕۆژانی جەژنی ڕەمەزان لە هۆڵی میدیای شاری هەولێر نمایش بکرێ.

## پرۆفایل

## مەلەو مەرگ

هەمووومان لەسەر ئەوە کۆکین کە بە بەهاترین سەرمایە لە ژیاندا ڕۆحی مرۆڤە، مرۆڤ کە ڕۆحی لە جەستەی جیا دەبێتەوە، ئیدی دەست لە خۆشی و ناخۆشییەکانی ژیان هەڵدەگرێ ماڵئاوایی لە ئازیزان و هاو مرۆڤانی خۆی دەکات، کەلێنێک لە نێو ژیانی ئاسایی مرۆڤایەتی دروست دەکات هەموو پێی غەمبار و دڵگران دەبین، بۆیە ڕۆحی مرۆڤ ئەگەر لە جەستەی جیابۆوە تیری پەیوەست بوونی بە ژیانی کۆمەڵگە بۆ هەتا هەتایێ دەپچڕێ، مەسەلەیەکی کوردیش هەیە دەڵێ: ڕۆح شیرینە.

ئەو ڕۆح شیرینە لەوەدا هاتووە کە هەموو مرۆڤەکان بەیەکەوە هەناسە هەڵدەمژن و پێکەوە کار دەکەن و پێکەوە پێدەکەنن و پێکەوەش دەگرین، مرۆڤەکان پێکەوە خوو بە یەکتری دەگرن کە کەسێک لەو مرۆڤانە بە یەکجارەیەکی ماڵئاوایی دەکات، ئیدی دەبێتە کەسەر لە دڵی مرۆڤەکان، بۆیە ناکرێ ڕۆحی مرۆڤ بە ئاسانی و زۆر بە سادەیی لەم وڵاتە هەراج بکرێت. کەسێک نابێت لەو مردنە بە کۆمەڵەی نێو دەریاچەکان و ڕووبارەکانی ئەم وڵاتە بەرپرس نەبێت، ڕۆژانە ڕووبارو دەریاچەکان گەنجی ئەم وڵاتە بەرەو قوڵایی خۆی دەبات ڕۆحەکانیان لەلاشەیان جیا دەکاتەوە، من پێمۆایە مەسەلەکە لەوە تێپەڕی و کەسیش نییە بپرسێ ئایا ئەو هەموو گەنجە لەم ڕووبارو دەریاچانە دەخنکێن کێ لێیان بەرپرسە، ئایا ناکرێ چارەسەرێک دابنرێت یاخود خودی گەنجەکانمان بیر لەوە بکەنەوە لەمەودوا ئەوە دەریاچە و ڕووبارانە جێی ئەمان نین و با چیتر مەلەی تێدا نەکەن، من پێم سەیرە نە خەڵک ترسی لەوە دەنیشێ کە ئەو ڕووبارو دەریاچانە جێی ئەمان نین کە نزیکی بکەون و ڕۆژانە خەڵکی تێدا دەخنکێ، یان حکوومەت بۆ ماوەیەک مەلەکردنی گەنجان قەدەغە بکات تاوەکو لایەنی بەرپرس چارەسەرێک بۆ ئەم دیاردەیە بدۆزنەوە، دوایین قوربانی ئەم دیاردەیە گەنجێکی دانیشتووی گەڕەکی تەیراوەیە بە ناوی دلاوەر سلێمان کە مرۆڤێک بوو خۆشەویستی هەموو خەڵک بوو، بەڵام ئەفسووس عیشقی مەلەکردن و خەم نەخواردنی لایەنی پەیوەندار لەم مەسەلەیە ڕۆحی ئەو لاوەی بۆ هاتا هەتایێ بەرەو دونیای ئەبەدی بردەوە، لێرەدا نازانم چ پێشنیازێک بکەم بەڵام دەڵێم با لێکۆڵینەوە لەم مەسەلەیە بکرێت ئایا ئەمە ڕۆژانە چۆن ڕوودەدات، چارەسەری چۆن بکرێت باشە.

**کەنعان بەهادین**

## تواناو ئەزموونی ژنانی شانۆکار کۆدەکرێتەوە

بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆی سلێمانی بەنیازی ڕێکخستنی فیستیڤاڵێکی شانۆیی ژنانە، لەو فیستیڤاڵەدا توانا و ئەزموونی ژنان و کچانی شانۆکار دەخرێتەڕوو. بەپێی ڕاپۆرتی ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆی سلێمانی، داوا لە سەرجەم تیپ و گرووپە شانۆییەکانی ناوەوەو دەرەوەی کوردستان دەکەن کە بەشدارین لە فیستیڤاڵی«گوڵە مێخەک بۆ مۆنۆدراما». هەر لەو ڕاپۆرتەدا هاتووە کە بەمەبەستی بەرزڕاگرتنی تواناکانی ژنانی شانۆکارو گرنگیدان بە پێگەی ژن لە بواری شانۆ لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێمی کوردستان بەڕێوەبەرایەتی شانۆ بەنیازی فیستیڤاڵێکە بۆ مۆنۆدراما لە شاری سلێمانی کە تایبەتە بە ژنانی شانۆکار لە 2011/3/8 تا 2011/3/12، داواش لە تەواوی شانۆکاران دەکەن لەو فیستیڤاڵە بەشداربن.

## دیوان

هەڵگوردو پیرس و مەتین قەندیل و کۆڕەک و سەفین
هەڤاڵانی بەوەفای خۆت ئامێزیان ئاواڵەیە بۆت
کورتەی چیرۆکی ژینی تۆ پێشمەرگێک بوی ماندوو مجرۆ
بەرهەڵستی دوژمنی کورد لەبێشکەدا دەستت پێکرد
بن بەردی خۆت لەشاخ کێو نەگۆڕیەوە بەزێڕو زیو
نەک هەر ڕەمزی کوردوستان بووی بۆ کورد دەرسی نەوەستان بووی

هێدی (خالیدی حسامی)


reklam




